نێچیرڤان بارزانی و نوری مالیکی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێ دەکەن

لە بەردەواميی سەردانەکەيدا بۆ بەغدا، پاشنيوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، نێچيرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەيمانيی دەوڵەتی ياسای عێراق کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بەهێزکردنی هاوبەشيی نيشتمانی و چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدايان بۆپێی دەستووری عێراق تاوتوێ کرد و لە ڕاگەيەندراوەکەی سەرکايەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، هەردووڵا هاوڕابوون لەسەر گرنگيی پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

هەردووڵا هاوڕا بوون لەسەر پێويستيی لەکگەيشتن و بەهێزکردنی دياڵۆگی سياسی لەنێوان هێز و لايەنە عێراقيیەکاندا و يەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە هێنووکەييەکان و ئاێندەييەکانی بەردەم وڵات.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسيان لە پێشهاتەکانی ناوچەکە، بەتايبەتی دۆخی سووريا کرد و لەکەوتەکانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر عێراق.

ئەمش لەکاتکدا هەر لە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە 13ـی 1ـی 2024، نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرەمی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق کرد و لەگەڵ هەریەکە لە سەرک کەمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید و سەرک وەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع سودانی، هەروەها لەگەڵ حەیدەر عەبدای و موسەنا سامەرائی و نوری مالیکی کەبووە و تاوتوێی دۆخی هەرەمی کوردستان و عێراق کرد.

تا ئێستاش هیچ هاگیاندراوەکی فەرمی لە سەرکایەتی هەرەم و ئەو لایەنانەی سەرکی هەرەم لە بەغدا لەگەڵیان کەبووە لەسەر دەرئنجامی کۆتایی سەردانەکە بە بەغدا و ئەو سەرکردانە باونەکردەتەوە، جگە لە هاگیاندراوەکی هاوبەشیان لە کەبوونەوەی سەرکی هەرەم لەگەڵ محەممەد شیاع سودانی کە باس لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و ناردنی بودجەی هەرەمی کوردستان کرا.